Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

# ئاچوغ بە.......

هۆشەنگ شێخ محەمەد

2009/2/1



من تاقەتم هەیە بەرگەی دووری و خیانەت و
جوانی و مەراقەکانت بگرم
تۆ چەند تاقەتی کابوسەکانی من و بێتاقەتییەکانی
منت هەیە؟
من تاقەتی بێڕەنگی باخچەکانت و بێدەنگی
ئاوازەکانتم هەیە
تۆ چەند تاقەتی کرێتییەکانی من و سەرشێتییەکانی
منت هەیە؟
من تاقەتی پیرۆزییەکانی تۆم هەیە ..
تۆ چەند تاقەتی کفرەکانی منت هەیە؟
من دەتوانم بە ئیمانەوە باوەشت تێبکەم و بە بێ هەقیقەتیشەوە لە ئامێزت کەم
تۆ چەند دەتوانی بەسەرخۆشی ماچم بکەیت و بەعەبەسەوە لە ئامێزم بگریت؟

من هەر ڕۆژەی لەسەرە ڕێیەکدا دەتوانم ژوانت بۆ دانێم و لە ئاگریشدا بە کۆڵێ هێرۆوە بێمە پێشوازیت
تۆ چەند توانات هەیە لە مەیخانەیەکی بێسەرو بەردا بە دەسکێ حەشیشەوە سلاوم لێبکەیت؟

من ئەتوانم بێم و بەسەر ناشیرینییەکانت بازدەم و بڵێم هەمیشە دەتخەمە روحمەوە
تۆ چەند دەتوانی بۆنی خەم و تریاك لە هەناسەم هەڵمژیت و بڵێیت حەزم لە بۆنی تۆیە؟

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

من دێم و بێ پرسیار سەر دەکەم بەسەر حوزن و ماتەمینییەکانت و بێ ئومێدییەکانت وەك
گەردانە دەخەمە ملی گیانمەوە
تۆ چەند هەناسە ساردەکانی شعری من و ئۆخژنەکانی هەبوونم دەگریە خۆ؟

من وادەکەم و دەزانم ژیان لە ماچێکی تۆدا بچووك دەبێتەوە تا دەبێتە چوارینەیەکی خەیام و
لەبەرامبەر خوادا هاوار دەکات:
ئەی روح .. روحی نەزانی من و ئەم هەبوونە وا تێکەڵ بەیەك بوون کە چ مانایەك بۆ من و تۆ
و ژیان و هەبوون نەماوە
چ مانایاك بۆ عەشق و چێژ و قیامەت نەماوە
هاواردەکات و لەسەرێکی سەفینەوە وەك بەفر و وەك تەزرە خۆی دەخاتە روحمەوە و نەفرەت
دەکا لە عەقڵی من و لە عەقڵی تۆ و لە میزان و نووسینەکان
تف دەکاتە وشەکان و هەمووماند دەکاتە قوربانی چۆڕێك شەراب و چۆڕێك ماچ

وەرە ئەی روحی ماچ و لێوی تریفە وەك با بەناومدا گوزەر بکە و لەوسەری هەبوونەوە
وشەکان بسڕەوە
تەڕمکە بە ئاوی لێوەکانت و بڵێ ژیان لە چوارینەیەکدا دەتەقێتەوە
چیت داوە لە بەیتی ئیمان و لە دەهری کوفر و زەمانی سەڵەواتەکانی ئەنتەرنێت و بەرماڵی شعر
وەرە بتوێوە لە ناو ئاوی دەممدا.. وەك گوڵهەنارێك مەمکەکانم بمژە و لەسەر لەپی دەستم
بورکانێك بسووتێنە
با بسووتێین .. کە تۆ روحی خۆت و روحی ئاگر دەخەیتە دەممەوە
با هەبوون لە جەستەتدا بتەقێتەوە و وەك کوریکە خۆخ ناسك و رەنگێکی ئاچوغ
ئاچوخ بە. وەك چوارینەیەکی خەیام و وەك شەرابی سپی روحی ترێیەکی تایەفی
ئاچوخ بە وەك ماچ ..
برۆ .... ژیان ئاچوخە لە رۆیشتنیدا شوێن پێیەکانی بە جێ نامێنێت
روحی تۆش کە پەرش دەبێت ئاماژەیەکی بەسەر هەبووندا بەجێنایەڵێت و دەڕوا وەك چۆن ئاو
دەڕوا و تامی ماچ دەڕوا و تامی ئایەتەکان لە دڵی مندا و تامی خۆخیش لە سەر زماندا
هەمووماندەڕۆین وبە ناو ماچ و روحەکاندا رەت دەبین

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF
Complete

ڕەت دەبین و وەك با بەناو ڕوحی مێكوكان و بەناو ڕوحی دیوارەكان و شوێنێك لە دوای خۆمان بە جێنایەڵین

دەڕۆین وەك باران بەناو قەدی داردا و وەك باران بەناو شەقامەكان و زێرابەكاندا و بەناو دەریاكاندا و بەناو ڕوحی پووش و پەڵاش و كەسكترین فریزی ڕوحە پەژمووردەكان و جارێكی دی ناگەڕێینەوە

ناگەڕێینەوە وەك ئەو ڕووبارەی لەهەر ئاهێكیدا دەسكەنەیەك وردە ئاو بە نەرمە ڕێكاندا فەنا دەكات

وەك ڕووناكی بەناو جەستەكاندا دەڕۆین و ناگەینەوە سەرچاوەكان

ناگەینەوە یەكدی

ناگەینەوە خۆمان

ناگەینەوە هیچ

لە كلۆری دارێكدا من تاقەتم هەیە بەناو كلۆرایی هیچییەتیدا چاوەڕێت و بكەم و بۆ هیچیش نا تەنیا تا پێت بڵێم خۆشمدەویی....

تۆ تاقەتت هەیە لە قەترە ئاوێكدا .. لە قەترە خوێنێكی كلۆردا چاوەڕێم بكەیت .. بۆ هیچ نا تەنیا بۆ ئەوەی دنیایەكم لە با بۆ چێكەیت؟

من تاقەتم هەیە لە دەنگی لێكخشانی دوو گەڵادا چاوەڕێت كەم.. بۆ هیچ نا تەنیا بۆ ئەوەی پێت بڵێم ژیان هیچە و منیش بەو هیچییەوە عاشقتم

تۆ تاقەتت هەیە لە سەدای دڵۆپە بارانێكدا كە بەپەلە لە ئاسمانەوە بۆ سەر ڕووی نیسانۆكێكدا دێتە خوار چاوەڕێم بكەیت تەنیا بۆ ئەوەی پێمبڵێیت بەڕاستی حەزت لە شەڕابە؟

من تاقەتم هەیە لە سێبەری وەنوشەیەكدا زەمەنێك چاوەڕێت كەم و تەنیا بۆ ئەوەی پێت بڵێم برژانگەكانت ئیحای نووسینێكم پێدەبەخشن

تۆ تاقەتت هەیە لە قۆزاغەیەكدا چركەیەك چاوەڕێم كەیت تا لە ژوانی بركە گیایەك دێمەوە تەنیا بۆ ئەوەی پێم بڵێیت تۆ زۆر خەیاڵیت و لەسەردەمی فەیلەسوفەكانەوە دەژیت؟

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

من تاقەتم هەیە لەسەر پشتی ئەسپێکەوە نیشتمانێکت بۆ دروستکەم و تەنیا پێت بڵێم قەرەچی بەشێکە لە روحی من و تا مردن تەمەنم دەبەخشمە چاوەڕوانی گۆرانییەك بۆ تۆ

تۆ تاقەتت هەیە لە هێلانەی شای باڵدارەکانەوە چاوەڕێم کەیت تا فێرە فڕین دەبم؟

من تاقەتم هەیە لە قولایی زماندا بمرم و لەوێدا بێدەنگترین ئافەریدە خەلق کەم و بە ئاماژەی زمانی بێدەنگی پێت بلێم بە روح .. بە شەڕابی زمان .. بە قولایی ئاگر بە گەردەکانی با خۆشمدەویێ...

تاقەتت هەیە ئەزیزم من کە لەسەرە مەرگدا پێت دەڵێم خۆشم دەویێ بڵێی مردنی تۆ واتای ئەوە نادا ژیان بێ بەهایە؟
خۆشەویستی تۆش رامانی ئەوە نادا مردن بێ بەهایە؟

من تاقەتم هەیە لە کێوی ئاماژەکاندا بەسەرکەوم و بڵێم ئاسمانی روحی تۆ چەند دوورە دەشتوانم لە قولایی دۆڵێکی زماندا بێمە خوار و بڵێم جوانی تۆ چەند بێ بنە....

من دەتوانم ئازیزم بەو هەموو کوفرانەتەوە باوەشت پێداکەم و بڵێم بە گەرمییەوە دێم و بمکوژە بەو پیرۆزییانەی لە نێوان هەناسە و هەوزینگداندا هەڵتگرتوون بلێم سنوورەکان دەبڕم و لە سینەتدا موخەیەر بە لە دانانی من لە نێوان مەسافەی پەرداغ و تەماسی شەڕابدا
هەمیشە مەودایەك هەیە لە نێوان من و تۆ کە ژیانە
لە نێوان روحی من و تۆ کە هەبوونە

ئیدی تاقەتم هەیە تف لە ژیان بکەم و هەبوون لە باوەش کەم
دەتۆش بزانم توانات هەیە تف لە هەبوون بکەیت و باوەش بە ژیان بکەیت؟